www.kurdistannet .org 22-5-2003

## بەلاغی دەستبەکاربوون

دوای (١١) ساڵ لە حوکمی کوردی لە هەرێمی کوردستاندا، هەست بەوە دەکرێت کە لـە پـاڵ زۆر لایەنی لەبیرکراوی دیکەی ژیانی هاوڵاتیان، مەسەلەی مافەکانی مرۆڤ و بنچینــەکانی ژیان و ئـازادیی تاکەکەسـیی مرۆڤـی کورد، لـەپاڵ بوونـی چـەندین ڕێکخـراوی بـەناو مـافی مرۆڤ و بوونی دوو وەزارەتی پەیوەست بەم کارە(لە ئیدارەکانی هەولێر و سلێمانی) نـەك هەر پشتگوێ خراوە، بگرە لە زۆر بواردا بە ئاگایی یان بە نائاگاییەوە پێشێل دەکرێن.

هەموو ئەم دامەزراوانەی کە بەم ناوەوە کار دەکەن دور و نزیـك لـە گـەڵ یـەکێك لـە دوو حزبەکەی کوردستاندا لە پەیوەندییەکی پاشکۆیانەدانە و، ئەمـەش بێبنـەمایی کـاری ئـەم دامەزراوانە لەم بوارە پڕ بایەخەدا دەردەخات. هەروەها ئەوە دەسـەلمێنێت کـە ئەمانـە بـۆ چاوبەستکردنی هاوڵاتیان دامەزراون تا خزمەت پێگەیاندنیان.

ئـەزمونی هـەرێمی کوردسـتان ، ژیـانی مرۆڤـی کـورد و ئـەو ئارامییـەی کـە لـە کۆمـەڵگای کوردیـدا هـەبووە و بەردەوامـە، بـەری گۆڕانکارییــە نێودەوڵەتییــەکان و سەردەســتایەتیی چەمکەکانی مافی مرۆڤن و پاراستنی نێودەوڵەتی لەسەر ئەو بنەمایەوە بووە.کـەچی ئەمـە لە کاتێکدا بووە کە دەستەلاتی کوردی نەك پەرێزێکی خاوێنی لەم بـوارەدا لـە پـاش خـۆی بەجێنەهێشتووە، بگرە هەوڵیشی نەداوە بە پێی پێویست لانی کەم ئەم مافانە بناسێنێت.

ئێمە لە روانگای هەستکردن بە بەرپرسیاریەتیی ئەخلاقیمان و بڕواییمـان بـە بنـەماکانی جارِی گەردونیی مافی مرۆڤ، لێرەوە رایدەگەیەنین کە بە شـێوەیەکی خۆبەختکارانـە، بـێ هیچ بەرامبەرێکی مادی و بەدوور لە سەرسپاردەیی و لاگیریی سیاسی، هەوڵ بۆ هاتنەکایە و چەسپانی ئەم مافانە دەدەین.هەروەها جـەخت لەسـەر سـەروەریی مـاف و ئازادییـەکانی مرۆڤی کورد وەکو هەموو مرۆڤێکی دیکەی سەر رووی ئەم زەمینە دەکەین.

مرۆڤی کورد(بە هەردوو رەگەزییەوە) بەبەردەوام لە رێگەی هەندێ نـەریتی سەردەسـتەی کۆمەلاَیـەتی(کـە دەسـتەلاَتی کوردیـش لـە پشـتیانەوە دەوەسـتێ) دەچەوسـێندرێتەوە. دەستەلاَتی سیاسی لە ولاَتدا مەسەلەی مافەکانی مرۆڤی کوردی بـە درووشـم کـردووە و تـا بۆی کراوە بەهەڵە و لەبەرژەوەندیی خۆیدا بەکاری هێناوە.تا ئێسـتا هیـچ بەرپرسـێك لـە سەر دۆسیەی پێشێلی ئاشکرای مافەکانی مرۆڤ بەرەورووی یاسا نەکراوەتەوە و ، ئەمـەش خۆی لە خۆیدا لە پاڵ ئەو هـەموو پێشـێلیەدا ئـەوە دەردەخـات کـە مرۆڤـەکان تەنـها ئـەو کاتە مافیان هەبووە لە لە خزمەت دەستەلاَتدا بووبن.

ئێمە هەوڵ دەدەین جارێکی دیکە بە شێوازێکی مەدەنیانەی هاوچەرخ و رێگا یاساییەکان و بەدوور لە هەموو جۆرە توندوتیژییەك، دەستەلأت لە ئەرکەکانی خۆی بەرامبەر کەسایەتیی تاکەکان و ماف ئازادییەکانیان وەئاگا بێنینەوە.

هەروەها بەهەموو توانایەکمانەوە هەوڵ بۆ بلأوکردنەوەی فەرهەنگی مافەکانی مرۆڤ و لایەنە لە بیرکراوەکانی دەدەین و، بەدەنگهێنان و بەدەنگەوە هاتنی غەدرلێکراوان بە ئەرکی سەرشانی خۆمان دەزانین.

لەم رێگە پڕ لە هەوراز و نشێوەدا، چاوەڕێی هیممەت و درێژبوونی دەستی هاوکاریی هەموو لایەکین.بەو هیوایەی بتوانین بە هەموو لایەك و هەر یەکەمان لە شوێنی خۆیەوە ئەو قەرزە بداتەوە کە مرۆڤبوون خستویەتە سەری.

**دەستەی سەرپەرشتیاری گشتی**

**سەنتەری چاوەدێریی مافەکانی مرۆڤ لە کوردستان**

Center of Observing Human Rights in Kurdistsn

٢٠٠٣/٥/٢٠